
# رزگاربوونی یەکجارەکی لە سەربەخۆییدا بەرجەستە دەبێت


**چەند رۆژێکی ماوە بۆ رۆژی دەنگدان بە سەربەخۆیی کوردستان و شەقام گەرمە بۆ پێشوازی و خەڵکیش ئەو دەنگدانە بە دەنگدان بە خوێنی شەهیدان، بە خەباتی پێشمەرگە، بە دووبارە نەبوونەوەی ئەو هەموو نەهامەتییەی دەزانن کە بەسەر گەلی کورددا هاتووە، هاونیشتمانییان دەڵێن: سەدان ساڵە دوژمنان لە هەرچوار لاوە پەلاماری گەلی ستەمدیدەمان دەدەن، رێگری لە مافە رەواکانی خەباتمان دەکەن، دژایەتی بە خاوەن دەوڵەت بوونمان دەکەن و هەر دیانەوێ بە بێ هیچ مافێك گچکەی بەرفەرمانیان بین، بەڵام ئیتر ئەو ژێردەستەییە و بە بچووك سەیرکردنەمان قبووڵ ناکەین و لە رۆژی ٢٥-٩ دەنگی خۆمان بەرز دەکەینەوە و هەموومان داوای ئەو وڵاتە دەکەین کە خەونی لەمێژینەمانە، ئێمەش شایانی ئەوەین وڵاتی خۆمان هەبێت و یاسا و دەستوور و دەسەڵات لە دەست خۆماندا بێت، نەوەك هەر رۆژە و بە جۆرێك هەڕەشەمان لێ بکەن، بۆیە لەو رۆژە چارەنووسساز و مێژووییەدا دەنگمان بە بەڵێ دەبێت و خۆمان لەو ئازار و مەینەتییە رزگار دەکەین، لەم راپۆرتەی گوڵاندا ژمارەیەك لە هاووڵاتیانی کوردستان راو و بۆچوونی خۆیان لەبارەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەخەنەڕوو.**

## پێویستە هەموومان دەنگ بە بەڵێ بدەین، نابێت وشەی نەخێر لە فەرهەنگی سەربەخۆییماندا هەبێت



**دکتۆر ئارام رۆستەم عەبدوڵا وەك کەسایەتییەکی ئەکادیمی دەڵێت:**

دیارە هەموو گەلێك مافی سەربەخۆیی و مافی چارەنووسی خۆی هەیە، ئەمەش هەر لە کاتی دروستبوونی کۆمەڵگەی گەلان لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دواتریش دوای دامەزراندی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر بە روونی لە بڕیارەکانیان دەردەکەوێت بەتایبەتیش دوای بڕیاری ژمارە A٦٣٧(٧) ی ١٩٥٢ بەدواوە. گەلی کوردستانیش وەکوو هەموو گەلانێکی تر مافی خۆیەتی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، هەروەها زیاتر لە سەدەیەکە هەوڵی جددی بۆ دەدات و بۆ بەدیهێنانی ئەم ئاواتەش بە ناچاری خەباتی چەکداری کردووە و چەندەها شۆڕشی هەلگیرساندووە، هەر بۆیە ریفراندۆم خەباتێکی سیاسی و دیپلۆماسییە بۆ هەمان ئامانج و سەرەڕای بوونی هەر تێبینییەك لەسەر ئیدارەو بەڕێوەبردنی ئێستای کوردستان و خۆئامادەنەکرنی تەواو بۆ ئەم کارە، نابێت وشەی نەخێر لە فەرهەنگی سەربەخۆییماندا هەبێت و پێویستە هەموومان دەنگ بە بەڵێ بدەین.



## وەك هەنگاوێکی پێشەکی بۆ جیابوونەوە لە عێراق دەنگم بە بەڵێ دەبێت

**هەلێز عەلی حوسێن، بڕوانامەی ماستەری لە یاسای نێودەوڵەتی لە ئەمریکا بەدەستهێناوە و وەك یاساناسێك دەڵێت:**

دەنگم بە بەڵێ دەبێت، وەك هەنگاوێکی پێشەکی بۆ جیابوونەوە لە عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، هۆکارەکەشی ئەمانەن: وەك وەفایەك بۆ شەهیدان و قوربانییانی کوردستان، کە رۆڵە و نەوەکانی کورد خوێنی خۆیان بەخشی لە ئەنفال و کیمیابارانی (١٩٨٨) و کۆچڕەوی کوردان لە ساڵی (١٩٩١)دا، هۆکارێکی دیکەی دەنگی بەڵێ بۆ ئەوەیە، کە دەرفەتێکی زێڕینمان بۆ هاتۆتەپێش و دووبارەش نابێتەوە مەگەر دوای (٥٠) ساڵی دیکە و بەڵکو زیاتر، هەروەها سەرکردایەتی کورد و کوردستان، کە بەپرسیاریەتییەکی گەورەیان لەسەر شانە، لەو رێگایەوە دەتوانن لەم کاتەدا بەسەر بەرپرسانی حکومەتی ناوەند زاڵ بن و راپرسی وەك دەستکەوتێکی سیاسی بۆ گەلی کورد تۆمار بکەن، وێڕای ئەو پشتیوانییەی بۆ ریفراندۆم هەیە، کە دەرفەتێکە و دووبارە نابێتەوە، ئەو پرسە دەبێتە هەنگاوێك بۆ کۆتاییهێنان بە رێککەوتنی سایکس پیکۆ، هەروەها بەرژەوەندی وڵاتان لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستانە، بە گۆڕانکاری لە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەك لە چەندین سایت و پەیجی جیهانیدا ئاماژە بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دراوە وەك ئەمری واقیع، هەرێمی کوردستان دەتوانێت چەندین خاڵی یاسایی بکاتە وەرەقەیەکی جیابوونەوە، وەك شکستی حکومەتی ناوەند بۆ نەدانی ئەو داهاتە داراییانەی هەرێمی کوردستان کە چەند ساڵە رایگرتووە، هۆکاری قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان بخرێتە ئەستۆی حکومەتی ناوەند، ئەو هەموو تاوان و وێرانکارییانەی لە میانەی داگیرکردنی شاری موسڵەوە لەلایەن داعش سەریانهەڵدا، تەنانەت کوردیان وەك هاوبەشێك لە کاری سیاسی لە عێراق هەژمار نەکردووە، ئەویش بە دژایەتیکردنی ماددەکانی دەستوور و چەندین کێشەی هەڵواسراو.



# 25 ئەیلوول


# بەڵێ بۆ کوردستان






## ریفراندۆم سەنگی مەحەکی دڵسۆزی و کوردستانپەروەرییە

هەڵمەت عەبدوڵا هاووڵاتییەکی دیکەیە و ئەویش رایوایە:
هەڵەیەکی گەورەیە لە رقی حکومەت چارەنووسی گەلێك هەر لەو ئاستە بمێنێتەوە کە پێشتر هەبووە، یان بۆ دواوە بگەڕێتەوە، قوربانییەکی زۆرمان داوە، چ وەك خەڵکی سڤیل، یان سەرانی کورد، ئەگەر ئێمە ئاوڕێك لەمێژووی گەلەکەمان بدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکان بەو هەمووە نەهامەتی و تەنگ و چەڵەمەی هاتۆتەپێشیان تاکە ئامانجیان بەدەستهێنانی مافی گەلەکەمان بووە، بەڵام ئەمڕۆ دەبینین هێنانەدی ئەم ئاواتە لەمێژینەیەی گەلەکەمان تەنیا پێویستی بەوەیە ئێمە نەخەڵەتێین بە فیکەی دوژمنانمان لەژێر بیانووی جیاجیاو چاوسوورکردنەوە. بۆ ئەوانەشی کە دەڵێن ئێستا کاتی ریفراندۆم نییە، یان ئەوەتا بە کرێ گیراون، یان هیچ لە هیچ دەرناکەن، دڵنیاییان پێ دەدین نە ئێران، نە تورکیا، نە عێراق و نە سووریا سەرەڕای ئەوەی داری لەسەر بەردی نەماوە، دوای سەد ساڵی تریش ناڵێن ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئێوەش سەربەخۆ بن. دوای ئەوەش عەبادی دەڵێت ریفراندۆم نایاسایی و نادەستوورییە، ئەوە دیارە جگە لە چەواشەکاری هیچی دیکە نییە، بەگشتی دەبێت بزانین ریفراندۆم سەنگی مەحەکی دڵسۆزی و کوردستانپەروەرییە.



## ریفراندۆم تاکە گەرەنتییە بۆ دووبارەنەبوونەوەی کارەساتەکان

رائید محەمەد کاکل، مامۆستای زانکۆیە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت:
ریفراندۆمی سەربەخۆیی ئامرازێکە کە هاووڵاتیانی هەرێمێك، یاخود شوێنێك بڕیار دەدەن کە ببن بە خاوەنی وڵاتیکی سەربەخۆ یاخود نا. یەکەم ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە ١٨٤٦ی زاینی لە لیبیریای رۆژئاوای ئەفریقیا ئەنجام دراوە، زیاتر لە ٥٠ وڵاتی جیهان ریفراندۆمی سەربەخۆییان ئەنجام داوە. لە ئیستادا ریفراندۆمی باشووری کوردستان بووەتە باس و خواست و گفتوگۆی زۆرێك لە میدیا ناوخۆیی و جیهانییەکان، کە لە رۆژی دووشەممە ٢٥ی ئەیلوول ئەنجام دەدەرێت. ئەم ریفراندۆمە تاکە گەرەنتییە بۆ دووبارەنەبوونەوەی کارەساتەکان کە بە دوو قۆناغ لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە، ئەم هەموو نەهامەتی و مەینەتییە تەنیا بریتین لە باسکردنی دڵۆپە ئاوێك لەناو دەریایەك کارەسات و دووبارەبوونەوەیان دوور نین، چونکە حکومەتی عێراق لە ١٩٢١ تا ئیستا هەر کاتێك بەهێز بووە هەرچی لە توانایدا بووە لە دژایەتیکردنی چین و توێژەکانی کوردستان ئەنجامیداوە، ئەم مێژووە رەش و تاڵەش پێمان دەڵێت کە ژیانی نەوەکانی داهاتوومان لە مەترسیدایەو تاکە پارێزەر و گەرەنتیش تەنیا ئەنجامدانی ریفراندۆمە بە ئامانجی بەدیهێنانی سەربەخۆیی کوردستان.



## دەمانەوێت لە کوردستانێکی سەربەخۆدا بژین

هاوکار دۆلەمەری وەك هاووڵاتییەك دەڵێت:
وەك دەزانین ماوەیەکی کەمی ماوە بۆ رۆژی دەنگدان و پرسی ریفراندۆم، گەلی کورد قوربانی زۆری داوە و لە مێژەوە هەوڵ و کۆشش دەدات بۆ ئەوەی ژێردەستەیی بەرۆکمان بەر بدات و ببین بە خاوەن دەوڵەتی خۆمان، هەموو ئەو نەهامەتی و کیمیاباران و ئاوارەیی و دەربەدەری و ئەنفالکردن و زیندەبەچاڵکردنی گەلی کورد لە ئەنجامی ژێردەستەیی بووە، نامانەوێ جارێکیتر ئەو هەموو نەهامەتیانە ببینینەوە. گەلی کورد لەهەموو گەلێك زیاتر خەباتی کردووە، مێژوو شایەتی بۆ ئەم خەباتە دەدات، بەڵام هەتا ئێستا سەربەخۆ نەبووین، بەڵام ئیتر ئەم رۆژە هات کە ئێمەش وەك هەموو دەوڵەتانی تر خاوەنی دەوڵەتی خۆمان بین و پێکەوە دەست لەناو دەست بین تا دوژمن نەتوانێ رۆڵەیەکیشمان شەهید بکات، بۆ ئەوەی دڵی دایکی شەهیدانمان خۆش بکەین و خوێنی شەهیدانمان بەفیڕۆ نەچێت، بۆ ئەوەی ماندووبوونی پێشمەرگە بە هەدەر نەچێت لە رۆژی ٢٥ی٩ی ئەمساڵ دەنگ بە بەڵێ دەدەین بۆ سەرختستنی ئەم پڕۆسەیە، ریفراندۆم و سەربەخۆیی هێزی بازوو و ئیرادەی گەلە بۆ شکستی پلانی ناحەزان و نەیاران دژی ئازادی و سەربەستی.



## ئێمەی نەتەوەی تورکمان پاڵپشتی و پشتگیری دەوڵەتی کوردستان دەکەین

موحەمەد دڵشاد وەك هاووڵاتییەکی تورکمان دەڵێت:
کوردستان ئەو دەوڵەتە دەبێت ئێمەی نەتەوەی تورکمان لەو پەراوێزی و پشتگوێخستنە رزگار دەکات و هەستی نەتەوەییمان پێدەبەخشێتەوە، ئەو کات تورکمان وەکو نەتەوەی دووەم کە نەتەوەیەکی دیار و سەرەکی دەبێت بە مافەکانی زیاتر دڵخۆش دەبێت. بۆیە ئێمەی نەتەوەی تورکمان هەمیشە پاڵپشتی و پشگیری دەوڵەتی کوردستان دەکەین و پێمانوایە کەوا نەتەوەکەمان لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە بەهێزترە وەك بوونی لە هەرێمێك، ئەمە زیاتر متمانە و ئیرادەمان پێدەبەخشێت. گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکان و خستنەوە پاڵ کوردستان دەبێتە پارێزگارییەکی گەورە بۆ سەرجەم ئەو نەتەوەو کەمایەتییانە کە لەو ناوچانە دەژین، پشکی شێریش بەر تورکمان دەکەوێت کە دوور دەکەوێتەوە لە شەڕی تائیفی و مەزهەبی و لە ژێر چەتری دەوڵەتی کوردستان دەژین.





## شوێنەواری دایک لە کوردستانە



زۆربەی ئاسەوارناسان بە دوای دۆزینەوەی ئەو پەیکەرە بوون، کە بە پەیکەری خواوەندی دایك دەناسرێت، دواجار لە شوێنێکی شاری هەولێر پەیکەرەکە دۆزرایەوە، لە کاتی پشکنین و گەڕان بە دوای ئاسەواری کۆن، لە گردی (قەبرستانی کورد) کە شوێنێکی شوێنەوارە و دەکەوێتە شارەدێی شەمامك، بە دووری (٢٢) کیلۆمەتر لە ناوەندی هەولێرەوە دوورە، ئەو پەیکەرە لەلایەن تیمی گەڕان و پشکنین دەدۆزرێتەوە، بەپێی زانیارییەکان ئەو پەیکەرە بە خواوەندی دایك دەناسرێت، پەیکەرەکە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی (میتانییەکان) دەگەڕێتەوە، دوای دۆزینەوەی گۆڕێك کە هەندێ گۆزە و ئێسك و پەیکەری تێدابوو، یەکێك لە پەیکەرەکان لە شێوەی جەستەی ئافرەت بوو، هەروەها دوو پارچە کانزای مس لە شێوەی شمشێر لەسەر سنگی درابوو، دوای لێکۆڵینەوە بۆیان دەرکەوت کە ئەوە پەیکەری خواوەندی دایکە، هەروەها دەگوترێ، درێژی پەیکەرەکە (٢٥) تا (٣٠) سەنتیمەتر دەبێت، بوونی ئەو پەیکەرە لەنێو ئەو گۆڕەدا بۆ دوو مەبەست بووە، یەکەمیان: کاتێك کەسێك نەخۆش بووە، پەیکەریان بۆ کردووە و ناشتوویانە، بە مانای ئەوەی تا پەیکەرە دەتوێتەوە و لەناودەچێ، نەخۆشەکە چاك دەبێتەوە، دووەم مەبەستیش لە سەردەمی کۆندا، پەیکەری تایبەتی خواوەندەکان لە پەرستگەکاندا دادەنران، بە مەبەستی پاڕانەوە و نزا کردن.



## زەردەخەنە و پێـــــ

دوای بڵاوبوونەوەی وێنەی ئەو مارە کۆبڕایەی کە شێوەی زەردەخەنەو پێکەنین بەسەر پشتیەوە بوو، بووە جێگەی باس و خواسی زۆربەی میدیاکان ئاخۆ نەخش و شێوەی پێکەنینەکە راستە، یان دروست کراوە، وێنەکە لەلایەن وێنەگرێکەوە بەناوی (سۆفیك باسۆ) گیراوە، کە خۆی راست و دروستی وێنەکەی روون کردەوە، بەوەی وێنەکە راستەقینەیە و لە شارۆچکەی (کۆش بیهار) لە ویلایەتی (بەنگال) گیراوە، ئەو شوێنە دەکەوێتە خۆرئاوای وڵاتی هیندستان، کە لەوێدا

## نەخش و نیگار لەسەر تایەی ئۆتـــ

هەوادارانی ئۆتۆمبێل، هەمیشە گرنگی بە کەرەستە و ئێکسسوارەکانی هەموو بەشەکانی ئۆتۆمبێلەکانیان دەدەن، هەر چی کەلوپەلی جوانە بۆی دابین دەکەن، دیارترینیان تاخمە ویل کەپەکانی تایەکانە، کە بە سەدان جۆرە نەخشی ویلەکان هەن، لە داهاتوودا رۆڵی ویلەکان ئەوەندە نامێنێت و بەڵکو نەخش و نیگاری سەر تایەکان جێگەی جوانیی دیزاینەکانی ویلەکان دەگرنەوە، ئەو هەنگاوە بیرۆکەی هونەرمەندێکی بەلجیکییە بە ناوی (ویەم دیلڤۆی) کە لەدایکبووی ساڵی (١٩٦٥)ـەو زۆربەی کارەکانی جێگەی بایەخن و لە دواجار بیرۆکەی



## سەیرترین و پێکەنیناویترین پەیکەرەکان



شارستانێتی پەیکەرەکان، بۆتە مۆدێکی باو و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان گرنگی پێدەدرێت و لە شوێنە گشتییەکاندا بە پەیکەری ناوازە و پڕمانا دادەنرێن، بەڵام هەندێکیان مانای دیکەیان هەیە، هەر بۆیە بە شێوە و دیزاینێك چێ دەکرێت، کە رەنگە لەلای هەندێکمان مایەی پێکەنین بێت. هەندێ لەو پەیکەرانەی کە جێگەی سەیر و سەمەرەن، لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

پەیکەری چارڵز جۆزێف کە دەکەوێتە ناوچەی پۆرت فیلیپ لە وڵاتی ئوستڕاڵیا، پەیکەرەکە بە سەراوژێر دانراوە. پەیکەری منداڵ خواردن لە شاری بێرنی وڵاتی سویسرایە، پەیکەرەکانی ئێسقان لە شاری نۆنگ گای، لە وڵاتی تایلەند، قاڵۆچەکەی وڵاتی بەلجیکا، کە لەلایەن پەیکەرتاش (جان فێری) دروست کراوە، پەیکەری داری ترافیك لایك، دەکەوێتە وڵاتی بەریتانیا، کە لە ناوچەی یەکتربڕی (هیرۆن کوای و واڵ و وێستنڤێری)یە، لەلایەن پەیکەرتاشی بەناوبانگی فەڕەنسا (بێیر فیفێنت) دروستکراوە، سەیرترین پەیکەریش، (مانگای سەر دارەکان)ـە کە لە شاری ماڵبۆرنی پایتەختی ویلایەتی ڤیکتۆریایە و بە جوانترین و سەیرترین پەیکەر دادەنرێت.



## ـــــــــکەنینی ماری کۆبڕا

ڕێژەیەکی زۆر ماری کۆبڕا هەن، دواتر لە لەلایەن تیمی ڕۆژنامەوانی ڕۆژنامەی (دەیلی مەیل)ی بەریتانی، ڕوون کرایەوە، کە وێنەکە بە فۆتۆشۆپ چێ کراوە و ڕاستەقینە نییە، بەڵکو بۆ قازانجی ماددی و دەستکەوتنی پارەوە ئەو وێنەیە بەم چەشنەی لێکراوە، لە نێوان هەردوو وتەی وێنەگرەکە و تیمی ڕۆژنامەوانیدا، یەکێکیان ڕاستن، کەچی تا ئێستا ڕاستی و دروستی ئەو پێکەنین و زەردەخەنەی ماری کۆبڕایە ڕوون نەکراوەتەوە.





## ـــــــــۆمبێل

نەخش و دیزاینی سەر و ناوەوەی تایەکانی ئۆتۆمبێلی هێنایە کایەوە، تا ئێستاش چەند نموونەیەکی لەم جۆرە تایەی لە نمایشەکانی (بۆزار و میوسی ڕۆدین و پێگی گویگنهایم و هابۆرت تاسمانیا) دا داناوە، کە بۆتە جێگەی گرنگیدانی هەوادارانی ئۆتۆمبێل، واتا لە داهاتوودا لە جیاتی ئەوەی ویلێکی نەخش و نیگار بێت، تایەکەی بە چەندین نەخشەوەیە، کە لە ناوەوە و دەرەوەدا بە جۆرە دیزاینێك چێ کراوە، تەنانەت دەتوانیت بە خواستی خۆشت ئەو نەخش و نیگارە بۆ ئۆتۆمبێلەکەت داوا بکەیت.







25 ئەیلوول

بەڵێ بۆ کوردستان

## جیاوازی وێنە

- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەك هەیە بیاندۆزەوە !






## فێڵکاری وێنە

لەم وێنەیەدا، دوو کەس دەبینرێن، یەکێکیان ئافرەتێکی پیرە و ئەوەی دیکە کچێکی گەنجە، هەوڵدە بە دوو نیگاوە سەیری واتاداری وێنەکە بکەیت، ئەو کاتە هەردوو کەسەکە بەرچاوت دەکەوێت!

## پوختەی فیلم

یەکێکە لە فیلمە بە تام و چێژەکانی دراما و مێژوویی، باس لە دوو موژدەبەر دەکات، کە لە سەدەی (١٧\٩ هەمدا بە ناوی (سباستیان رۆدریگز کە رۆڵەکەی لەلایەن (ئەندرۆ گارفیڵد) بینراوە و لەگەڵ باوکی کە فرانسیسکۆ گاروب، رۆڵی ئەو کارێکتەرەش لەلایەن (ئادەم دریڤەر) بێنراوە، لە گەشتێکدا بەرەو وڵاتی ژاپۆن لە دوای مامۆستاکەیان بە ناوی (لیام نیسۆن) دەگەڕێن، کە خۆیان بە نهێنی خزمەتی گوندێکی کریستیان دەکەن کە بە نهێنی ئایینەکەیان بڵاو دەکەنەوە، بەهۆی ئەوەی لەلایەن سامورایەکانی ئەو ساتەوە ئایین قەدەغە بوو، ماوەی فیلمەکە (٢) کاتژمێر و (٤١) خولەکە، لە دەرهێنانی (مارتن سکۆرسێس)ە، بودجەی فیلمەکە (٥٠) ملیۆن دۆلار بووە و داهاتیشی (١٦) ملیۆن دۆلار بووە.




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بیرکردنەوەی جوانت بۆ داهاتوو داناوە کەچی زۆرجار لە کارەکانتدا سەرکەوتن بە دەست ناهێنیت، کەسێکی ژیری و ئەوەندە مێشکت بەشتی لاوەکییەوە خەریك مەکە، ڕەنگە باری هەستت روو لەخراپی بێت، دڵی خۆشەویستەکەت مەڕەنجێنە کە دەزانی پێویستیت پێیەتی .

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بڕیارەکانت مەدە دەست کەس و پارێزگاری لەو هەنگاوەت بکە کە ماوەیەکە کارت بۆ کردوون، تۆ کەسێکی کە هەمیشە بڕوات بەسەرکەوتنی خۆت هەیە لەگشت بوارەکان، بەڵام ئەمڕۆ لەئەنجامدانی کارێکدا دوو دڵیتت، هەوڵبدە زیاتر لەخۆشەویستەکەت نزیك ببیتەوە تا لەئازارەکانی بگەیت.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ڕێز لە قسەی کەسانی دەوروبەر بگرە و جارجاریش بە قسەیان بکە، ئەوەندە تەماعکاریت کە دەتەوێت بەزووترین کات ببیتە خاوەنی گەورەترین سامان و داهات، ئەمەش بۆ هیچ کەسێك ڕووی نەداوە تا بۆ تۆ ڕوو بدات، بۆیە دڵتەنگ دەبیت و فشارێکی زۆر دەخەیتە سەر خۆت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

کەسانێك لە دەوروبەرت هەن، کە چاکەی تۆیان دەوێت، بەڵام بەهۆی بەهێزیی توانات چەند پرۆسەیەك ئەنجام دەدەیت کە سوودێکی زۆرت پێ دەگەیەنێت، لەبواری داراییدا ئاسوودەییەکی زۆر لە ڕێگاتە، ژیانی کۆمەڵایەتیشت پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

دەربارەی ژیانی رابردووت ئەوەندە بیرمەکەوە و چونکە قەدەر لە داهاتوودایە نەوەك رابردوو، بەهۆی ئەو هەوڵانەی کە ماوەیەك لەمەوپێش ئەنجامت دابوون لەبواری کارەکەتدا، دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەمڕۆ سوودی لێوەربگریت، ئەو کێشەیەی کە تووشت دەبێ وات لێدەکات ئاگات لەخۆشەویستەکەت نەمێنێ.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

کەسێك هێندە لە دڵتە و بیری لێی دەکەیتەوە، هەوڵدە خۆتی لێ نزیك بکەیتەوە، ئەو کێشەو گرفتانەی کە ماوەیەکە هەتبوون، وردە وردە بەرەو نەمان دەچن، دەمەقاڵییت لەگەڵ هاوڕێیەکت دەبێ، دەبێ زۆر هێمن بیت تا زۆر نەخایەنێت، خۆشەویستەکەت رۆڵێکی ئیجابییانە لە قسەکانت دەگێڕێ.

**25 ئەیلوول**

**بەڵێ بۆ کوردستان**

## تابلۆ



**ئەمیدۆ سڤایەر**

ئەنتۆنیۆ کانۆڤا، گەورە وێنەکێش و پەیکەرتاشی سەدەی ریسینساس لە ئەوروپا و لە دایکبووی ساڵی (١٧٥٧)ی شاری پۆسانگۆی وڵاتی ئیتاڵیایە، یەکێك بووە لە رەخنەگر و کەسایەتی هۆشیاردەری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی ئیتاڵیا، بە تابلۆکان گوزارشتی لە بیرۆکەیەك یان بابەتێك دەکرد، ئەو تابلۆیەی بەناوی ئەمیدۆ سڤایەر لە ساڵی (١٧٩١) کێشاوە، بەرهەمەکانی ئەنتۆنیۆ زیاتر لە شێوەی پەیکەر بوون، بە بڕوای ئەو پەیکەرەکان زیاتر مانادارترن لە وێنەی تابلۆدا، ئەو وێنەیە زەیتییە و لەسەر کانڤاس چێ کراوە، بە بەرزی (٦٥) سەنتیمەتر و پانی (٥٠) سەنتیمەترە، ئەنتۆنیۆ لە ساڵی (١٨٢٢) کۆچی دوایی کردووە.

## نوکتە

جارێکیان یەکێك دەیەوێت بچێتە هۆڵەکانی لەشجوانی، لە رۆژی یەکەمەدا راهێنەرەکەی پێدەڵێت: لە هەفتەی یەکەمەدا هەموو گیانت رەق دەبێت و بەڵام لە هەفتەی دووەمدا باش دەبیت، ئەویش دەڵێ: کەوایە هەفتەی یەکەم نایەم و لە هەفتەی داهاتوودا دەست بە یاری لەشجوانی دەکەم !



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەست دەکەیت کەسێکی بێ بەختی، بەڵام نابێ وا بیربکەیتەوە، چونکە هەر ماوەیەکە وایت و ئەو پڕۆژانەی کە دەیانخەیتە بەرچاوی دەوروبەرت دەبنە هۆی سەرنجڕاکێشانیان، هەوڵبدە کە دڵی خۆشەویستەکەت ڕازی بکەیت، پێویستە کات بەفیڕۆ نەدەیت، بەئاگادارییەوە بڕوانە پڕۆژەکەت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەرکەکانت قورسن و بە جۆرێك کە هەندێ جار تووشی بێ ئومێدی دەبیت و شێوازی ژیانت بگۆڕە تا بەرەو داهاتوویەکی باشتر دەچیت، ئەم هەفتەیە گۆڕانکارییەکی بەرچاو لەگشت بوارەکانی ژیانتدا دەبینیت، بەڵام دەبێ بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ خێزان و دەوروبەرەکەتدا بکەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەسێکی دڵگەورە و لێهاتووی لە کارەکانتدا، بۆیە هەستت گەورە بێت و ئەوەی لە دەستت دێت بۆ ژیانت بیکە، لە کارەکانت گرفت بۆ خۆت دروست مەکە، هەروەها لە بواری خۆشەویستیشدا هەوڵدە کێشە بۆ خۆت دروست نەکەیت، چونکە لەوانەیە ببێتە هۆی جیابونەوەتان، هاوڕێیەکت پێویستی پێتە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کەسێکی راستگۆیت لە کارەکانتدا، بەڵام کەسانی دەوروبەر دژایەتیت دەکەن، توانای خۆت لە دەست مەدە، گشت ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ژیانتا ڕوودەدەن لە بەرژەوەندیی تۆدا دەبن، توانایەکی زۆرت هەیە بۆ بەرەوپێش چوون، سەرکەوتن ماوەیەکی باشە بۆ بەستنی پەیوەندیی هاوڕێتی.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ماوەیەکە بە گرفتەوە دەژیت، ئەوەش ماوەیەکی کاتییە و تەواو دەبێت، ئەمڕۆ پەیوەندیت لەگەڵ لەگەڵ کەسێ کارتدا بەرەو خراپی دەچێت، کە ئەمەش وات لێدەکات پەست بیت لەژیان، هەوڵبدە فەرامۆشیان نەکەیت، بەڵکو هەوڵبدە چارەسەری گرفتەکانت بدۆزیتەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەنگاوەکانت ئەنجامی باشیان بە دەست هێناوە، بۆیە مەهێڵە داهاتووت لە دەست بچێت، ئەو کارەی ئێستات دەیکەیت بە باشە بۆت دەگەڕێتەوە، ئەم ماوەیە گشت تواناکانت بخە گەڕ تا بگەیت بە خەونەکانت بەهیواوە سەیری دوارۆژ بکە، باوەڕ بە هەموو کەس مەکە هەموو دۆستی تۆ نین تا خۆشی تۆیان بوێت.